https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

د. پەروین عوسمان مستەفا

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

کۆلێجی تەکنەلۆجی هەولێر

parwenhalaf@gmail.com

نیهاد سیسۆ عەبدوڵڵا

زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب

nsa019h@kua.soran.edu.iq

**پوختە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا (ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، بە پێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە) لێیکۆڵراوەتەوە، لە لێکۆڵینەوەکەدا پشت بە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکی (هەرکی بنەجێ) بەستراوە، کە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی گوندەکانی: (ستوونێ، درێ، کێ، شیوهەرکێ، ئەردویڵ، بێداو، ناوچەلا) وەرگیراوە، ئەم گوندانە سەر بە (پارێزگای هەولێر- شارۆچکەی مێرگەسۆر- شارەدێی شێروان مەزن)ن. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفییە، چونکە ئەو نموونانەی لە نێو لێکۆڵینەوەکەدا هاتوون، ئەو نموونانەن، کە لە ئێستادا لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکی بەکاردێن. لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، بە ناونیشانی: (تێڕوانینێک بۆ شێوەزاری هەرکی و لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە)یە، کە تێیدا شێوەزارەکە و تیۆری دەسەلات و بەستنەوە ناسێنراوە. بەشی دووەم، بە ناونیشانی: (ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی بە پێی لقەتیۆرییەکانی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە)یە، کە تێیدا باس لە ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناویی شێوەزارەکە بە پێی لقەتیۆرەکانی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە کراوە.

وشە کلیلییەکان: گرێ، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی، سەرە، شێوەزاری هەرکی، تیۆری دەسەلات و بەستنەوە، لقەتیۆرەکانی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە.

## هێما و کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| * نارێزمانی | AP گرێی ئاوەڵناوی |
| ≈ بە شێوەی فۆنەتیکی دەرناکەوێت | DP گرێی دیارکەر |
| j j هاونیشانەیی | Comp تەواوکەر |
| س ن سەرە نەهاتووە | det ئامرازی بەستنەوە لە تیۆری X-Bar دا |
| س گ ئـ سەرەی گرێی ئاوەڵناوی | (GB) Theory تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە |
| ش هـ شێوەزاری هەرکی | IP گرێی گەردانی |
| ک ڕاب کاری ڕابردوو | PP گرێی بەند |
| ک۳ ت کەسی سێیەمی تاک | Spec Specifier/ دیارخەری پێشەوە |
| ک ن complement /تەواوکەر نەهاتووە | VP گرێی کاری |
| گ ک گرێی کاری | NP گرێی ناوی |
| گ ن گریَ ناوی | |

**ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا**

**بە پێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە**

**٠/ پێشەکی**

**٠- ١/ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، بە پێی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە)، بواری لێکۆڵینەوەکەش لە نێو ئاستی (ڕستەسازی)دا دەبێت و لە چوارچێوەی ئەم ئاستەوە ئەم بابەتە دەخرێتە بەر تیشکی وردی لێکۆڵینەوە.

**٠- ٢/ ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوە**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفییە، ئەو گرێیانەی لە نێو ئاخاوتنی ئێستای ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکی بەکاردێن، دەستنیشان و پۆلێندەکرێن. سەبارەت بە تیۆرەکەش، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە ئەرکی وەسفکردن دەخاتە ئەستۆی لێکۆڵەر، بۆیە بە گونجاو دەزانرێت لێکۆڵینەوەکە بە پێی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە(GB) ئەنجامبدرێت.

**٠- ٣/ ئامانج و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە**

ئامانج لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە خستنەڕوو و شیکردنەوەی گرێیە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە شێوەزارەی هەرکی (هەرکی بنەجێ)دا. گرنگیی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە، کە دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ هەرکەسێک بیەوێت زانیاریی زیاتر لەسەر ڕۆنانی گرێی شێوەزارەکە بزانێت، یان لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر ئەنجامبدات. هەروەها دەبێتە ئەرشیفێکی گرنگ بۆ نەوەی داهاتوو، بۆ ئەوەی بزانن چ گۆڕانکارییەکی ڕستەسازی بە سەر ڕۆنانی گرێی شێوەزارەکەدا هاتووە.

### ٠ - ٤/ کەرستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەدا پشت بە کەرستەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکی (هەرکیی بنەجێ) بەستراوە. بۆ ئەوەی مافی لێکۆڵینەوەکە بە تەواوی بدرێت، جۆگرافیای لێکۆڵینەوکە تا ڕادەیەک بەرتەسک کراوە تەنها ئاخاوتنی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکیی بنەجێی سنووری باشووری کوردستان وەردەگرین، کە ئەوانیش لەم حەوت گوندە پێکهاتوون: (ستوونێ، درێ، بێداو، شیوهەرکێ، ناوچەلا، کی، ئەردوێل).

### ٠- ٥/ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکی بە پێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ئەنجامنەدراوە، ئەمە هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە، هەروەها بەهۆی تێکەڵی و کاریگەریی شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی بە سەر شێوەزاری هەرکیدا، کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، لە بنچەی خۆی دووربکەوێتەوە، بۆیە دەمانەوێت وەکو خۆی، کە هەیەتی بمێنێتەوە و بیپارێزین.

### ٠ - ٦/ گرفتی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی گرێی شێوەزاری هەرکی، لە ڕوانگەی ڕێزمان و ڕوانینە جیهانییەکان چ لە لایەن زمانەوانە کوردەکان و چ لەلایەن ئەو کەسانەی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسیویانە، بە هیچ شێوەیەک ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بۆیە لە سۆنگەی هەستکردن بەو گرفتە هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی پەیوەندیدار بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، کە

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)یە، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بۆ لایەنێکی ڕستەسازیی ئەم شێوەزارە بکرێت.

**۰-۷/ گریمانە و پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە**

تیۆری(GB) کۆمەڵێک لقەتیۆری جیاجیا بە خۆیەوەدەگرێت، کە بە هۆیانەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ گرێی ئاوەڵناوی لە هەموو زمانانی جیهان بکرێت، بە سوودوەرگرتن لەم بیرۆکەیە، دەکرێ گریمانەی ئەوە بکرێت، کە هەمان بیرۆکە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەش گونجاو بێت. لێکۆڵینەوەکە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، وەک: ١. تیۆری (GB) تا چەند لەگەڵ ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ)دا دەگونجێت؟ ٢.گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ)دا، زیاتر لە هەموویان لەگەڵ کام لقەتیۆری تیۆری(GB)دا دۆستایەتی هەیە؟ ٣. ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ)دا چۆنە؟ ٤. لە چوارچێوەی ڕێزمانی (GB)دا پەیوەندیی گرێی ئاوەڵناوی لەگەڵ گرێی ناویدا چۆنە؟

**۰-۸/ پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان و پوختە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە بەم شێوەی خوارەوە دابەشکراون: بەشی یەکەم، بە ناونیشانی: (تێڕوانینێک بۆ شێوەزاری هەرکی و لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە)یە، کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: ناساندنی شێوەزاری هەرکی، تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(GB)، باس لە پێنج لە لقەتیۆرەکانی ڕێزمانەکە، پێناسەی گرێ و گرێی ئاوەڵناوی و تایبەتمەندییەکانی گرێی ئاوەڵناوی کراوە. بەشی دووەم، بە ناونیشانی: (ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی بە پێی لقەتیۆرییەکانی (GB) )یە، کە ئەم بەشەش ئەم تەوەرانە

لەخۆدەگرێت: ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری (X-Bar)، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری سێتا، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری دۆخ، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری دەسەڵات، ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری بەستنەوە.

## ١/ بەشی یەکەم: تێڕوانینێک بۆ شێوەزاری هەرکی و لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە

### ١-١/ ناساندنی شێوەزاری هەرکی

(ئەقیلە ڕواندزی) بە شێوەیەکی گشتی عەشیرەتی هەرکی دەکاتە چەند بەشێک: ١. هەرکیی بنەجێ، ٢. هەرکیی سەرهاتی ٣. هەرکیی سیدان ٤. هەرکیی مەندان. ئەم نووسەرە، لەم دابەشکارییەدا جگە لە بەشی یەکەم، بەشەکانی تر بە کۆچەر دادەنێت، هەروەها لە پەرتووکەکەیدا عەشیرەتی هەرکی بە گەورەترین عەشیرەتی کۆچەری لە کوردستان دادەنێت و لە بارەیانەوە دەڵێت: هەتا ساڵی ١٩٢٥ز هەرکییەکان کۆچەری تەواوبوون، واتە بە هاوین و زستان هەر لە ژێر ڕەشماڵدا دەژیان و خەریکی مەڕ و ماڵات بوون بێجگە لە هەندێک هەرکی، کە کەوتبوونەتە دامێنی چیای چارچەل، کە بە هەرکیی بنەجێ ناسراو بوون (ڕواندزی، ٢٠١٠: ٤٧ – ٥٢).

ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە نێو هەر چوار بەشی عەشیرەتی هەرکی، تەنها ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی عەشیرەتی هەرکی (هەرکیی بنەجێ) وەرگیراوە، کە ئەویش سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروویی زمانی کوردییە. زۆر لە نووسەران دیالێکتی کرمانجیی ژوورووییان بۆ چەند شێوەزارێک دابەشکردووە، بەڵام ئێمە پشت بە دابەشکردنەکەی (فوئاد حەمە خۆرشید) دەبەستین، کە شێوەزارەکانی کرمانجیی ژووروو، بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: (بایەزیدی،

هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا) (خۆرشید، ٢٠٠٨: ٥٣). دەکرێت بڵێین لە نێو ئەم دابەشکردنەدا شێوەزاری هەرکی (هەرکیی بنەجێ) دەکەوێتە نێوان شێوەزارەکانی شەمدینانی لە باکووری کوردستان و بادینانی لە باشووری کوردستان.

شوێن و جوگرافیای ئاخێوەرانی شێوەزاری هەرکی (هەرکیی بنەجێ) دابەشی سنووری نێوان باشوور و باکووری کوردستان بووە. کۆی ژمارەی گوندەکانیان زیاتر لە (٢٧) گوندە، ئەوانەی دەکەونە باکووری کوردستان زیاتر لە (٢٠) گوند دەبیت، کە بریتین لە: (بێگاڵتە، باوە، دیراوە، بێشیوێ، بێزەلێ، شەوکەتیا، هەزرێ، بێگۆزا، دینارتە، بمبۆ، بێرتور، سورنس، دێرابانێ، سالارا، باسیا، شەبەتا هەرکیا، نەهرێ، کیاژوری، دێ...)، کە ئەم گوندانە سەر بە (پارێزگای هەکاری- شارۆچکەکانی شەمزینان و گەوەڕ/ گەڤەر)ن. ئەو گوندانەی دەکەونە باشووری کوردستان ژمارەیان (٧) گوندە، کە بریتین لە: (ستوونێ، درێ، کی، شیوهەرکێ، ئەردوێل، بێداو، ناوچەلا)، (ئەبوبەکر،٢٠٠١: ٣١). ئەم گوندانەش سەر بە (پارێزگای هەولێر- شارۆچکەی مێرگەسۆر- شارەدێی شێروان مەزن)ن.

دەکرێت ئاماژەیەکی تریش بدەین، کە لە نێو هەردوو بەشی عەشیرەتی هەرکی (هەرکیی بنەجێ)، ئێمە شێوەزاری ئاخێوەرانی هەرکیی بنەجێمان لە سنووری باشووری کوردستان وەرگرتووە، کە لە گوندەکانی: (ستوونێ، درێ، کی، شیوهەرکێ، ئەردوێل، بێداو، ناوچەلا) پێکهاتوون. ئاخێوەرانی ئەم حەوت گوندانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر تێکەڵی یەکترن، هەربۆیە ئاخاوتنیان لە چەند وشەیەکی کەم نەبێت، لە هەموو ڕوویەکی تری زمانەوانی زۆر لەیەکتر نزیکن.

گوندەکانی هەرکیی بنەجێ (سنووری باشووری کوردستان)، هاوسنوورن لەگەڵ گوندەکانی هەر یەک لە عەشیرەتەکانی (گەردی،

مزووری، ڕێکانی، دۆسکی). ئاخێوەرانی لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لەسەر زێدی ڕەسەنی خۆیان نەماون، حکومەتی ئەو کاتی عێراق گواستوونیەتەوە بۆ باشووری عێراق، هەروەها زۆربەیان ئاوارەی ئێران و تورکیا بوونە، لەبەر بێ خزمەتگوزاری و نائاوەدانیی گوندەکانیان، ئێستاکە کەس لە سەر زێدی ڕەسەنی خۆیان نیشتەجێ نین و زۆربەی هەرە زۆریان ئێستا لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران نیشتەجێن.

## ١-٢/ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(GB):

ئەم تیۆرە "مۆدێلێکی تری شیکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەکەی چۆمسکییە" (محەمەد، ٢٠٠٩: ٦٤). ڕێزمانێکە بۆ هەموو زار و شێوەزارەکانی زمان دەستدەدات، توێژەرانی هەر زمانێک دەتوانن بەهۆیەوە ڕێزمانی زمانەکەی پێ شیبکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەسەر بناغەی ڕێزمانی گشتی بنیاتنراوە، (GB) لە چەند لقەتیۆرێکی جۆراوجۆری سەربەخۆ پێکدێت، بەڵام لە کاتی شیکردنەوەی ڕستەدا دەتوانرێت پشت بە هەموو لقەتیۆرەکانی ببەسترێت. ئەم لقانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵ بە یەکتر و کار لەیەکتری دەکەن، ئەم کار لەیەکترکردنە وایکردووە (GB) بە ڕێزمانییێکی پێوانەیی وەسفبکرێت (Crystal, 2003: 206).

### ١-٢-١/ تیۆری X-Bar

لە تیۆری (X-Bar)دا، کۆمەڵێک چەمک و زاراوە دەبینرێن، کە بریتین لە:

١. **X ئێکس:** ئێکس "هێمایەکی بیرکارییە لە بری (س، ص)ی بواری بیرکاری بەکاردێت، هەروەک چۆن لە بیرکاریدا بەهایەکی جەبری هەیە،

له زمانیشدا بەهایەکی زمانیی هەیە بەهای ئاستەکەی خۆی، لە بریتی یەکێک لە کاتیگۆرییەکان بەکاردێت" (قادر، ٢٠٠٩: ٢٣-٢٩).

**٢. P پی:** هێمایە بۆ گرێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئاڵۆزی دروست نەبێت(P) نانووسرێت و دەبێت بە دەبڵ باڕ( " ) (کانەبی، وانەی ڕستەسازی - ماستەر، ٢٠٢٠- ٢٠٢١).

**٣. Bar باڕ**[١] : (x) لە بری یەکێک لە کاتیگۆرییەکان بەکاردێت، ئەم کاتیگۆرییەکانیش بریتین لە: ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ئامراز...هتد، ئەمانیش بەهۆی هەڵبژاردنی تەواوکەرەکانیان یەکدەگرن و گرێ پێکدەهێنن، کە بەلقکردنی کاتیگۆریانە ناسراوە. گرێش وەکو پێکهاتەیەکی ڕستە قابیلی دووبارەبوونەوەیە، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە " (x) ژمارە، یان (prime)ی بۆ دابنرێت وەکو: ($X^2$)، ($X^1$)، ($X^0$) یان (X")، (X')، (X) و هەریەکەشیان لە شوێنی دیاریکراوی خۆی دێت. ژمارە یان ئەو (prime)انەی کە لەسەر هێمای(X)ن، ژمارەی جێکەوتەکان دیاریدەکات. بە واتایەکی تر، بوونی چەند هێمای(X) بوونی ژمارەی جێکەوتەکان دەگەیەنێت" (ڕەسول،٢٠١٢: ١٤، ١٥).


**٤. Head سەرە:** سەرە بە گرنگترین کەرستەی ڕۆنانی گرێ دادەنرێت، لەلایەکی تر دەتوانرێ بگوترێ ئەو پێکهێنەرەی گرێیە، نەک هەر دەرکەوتنی، بەڵکو هەبوونی لەنێو گرێدا خورتەکییە و لە کاتی فراوانکردنی گرێشدا ڕیزبوونی کەرستەکان بە سەرەوە بەندن (کەریم، ٢٠٠٢: ٤٣).

**٥. Complement تەواوکەر:** تەواوکەر ئەو کەرستەیەیە، کە بەرانبەر چەمکی بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕێزمانی کۆن ڕادەوەستێت (Carnie, 2002: 127). بوون و نەبوونی تەواوکەر لە چوارچێوەی ڕستەدا بەستراوەتەوە بە کاتیگۆریی فەرهەنگیی کارەوە، واتە جۆری

کارەکە بڕیاردەدات، کە تەواوکەر لە ڕستەدا هەبێت یاخود نەبێت، چونکە هەندێک کار هەیە لە ڕووی هێزەوە تێپەڕن و پێویستییان بە تەواکەر هەیە، هەندێکیشیان تێنەپەڕن و پێویستییان پێی نییە. بۆ نموونە: کاری (هات، کەنی... هتد)، تەواوکەر وەرناگرن، بەڵام کارەکانی (دۆشی، خار... هتد) تەواکەر وەردەگرن.

٦. **Specifier دیارخەر/ دەرخەر:** Spec، کە ڕاستەوخۆ ("X) دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە، ئەو کەرستەیە، کە زانیاریی زیاتر لە بارەی سەرەوە دەدات و وا دەکات سەرە بە ڕوونتر دەربکەوێت (بوول، ٢٠٠٩: ١٢٣). بەمەش دەبێتە دیارخەری  سەرە لە گرێی ناوی و ڕۆڵی بکەر دەبینێت لە گرێی کاریدا (حاجی، ٢٠٠٩: ٥٩).

بۆ دەرخستنی شوێنی سەرە و سپێسیفایەر و تەواوکەر، لە ڕۆنانی بنەڕەتیی تیۆری (X-Bar)دا، کە سەبارەت بە (ش هـ) لەو گرێیانەی کە سەرەکەیان سەرە کۆتایە، لە خوارەوەدا ڕووندەکرێتەوە:




هێلکاریی ژمارە (١)[٢]

## ١-٢-٢/ تیۆری سیتا Theta Theory [٣]

تیۆری سیتا خۆی بە دیاریکردنی ڕۆڵە واتاییەکان ( Thematic Role)ی ئارگۆمێنتەکانی پەیوەست بە کارەوە خەریک دەکات، لە دیوێکی تردا تیۆرەکە لە (GB)دا نموونەیەکە هەڵسوکەوت لەگەڵ داواکارییە گونجاوەکانی کار دەکات و کۆمەڵێک ڕۆڵی واتایی تایبەت لە سنووری

کاردا بەیەکەوە دەبەستێتەوە (Trask, 1993: 279)، کەواتە وا دەردەکەوێت کە پەیوەندیی واتایی لە نێوان کار و ئارگۆمێنتەکاندا هەیە، ئەم پەیوەندییە بە (ڕۆڵە سیمانتیکییەکان/ ڕۆڵە واتاییەکان) ناونراوە، بۆ ئەم پەیوەندییەش جگە لەم دوو زاراوەیە زاراوەی تری وەک: "ڕۆڵە سیمانتیکییەکان، دۆخەکانی ژێرەوە، ڕۆڵە ئەرکییەکان، ڕۆڵەکانی دۆخ، ڕۆڵە واتاییەکان" (محەمەد، ٢٠09: ٩٣)، و ڕۆڵی بابەتانە...هتد، بەکارهاتوون. ئێمە لە سەرەتا تاکو کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا زاراوەی (ڕۆڵە واتاییەکان) بەکاردەهێنین. پریدیکاتەکان بۆ هەر ئارگۆمێنتێک لە نێو ڕستەدا ڕۆڵی واتایی دەبەخشێت، بە واتایەکی تر هیچ ئارگۆمێنتێک نییە لە نێو ڕستەدا کە خاوەنی ڕۆڵی واتایی نەبێت، لێکۆڵەران لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتیی ڕۆڵە واتاییەکان ڕێکنەکەوتوون. بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت (دە) ڕۆڵی واتایی لە نێو هەموو زمانەکان دەستنیشانبکرێت لە کۆی (دوازدە) ڕۆڵی واتایی، کە بریتین لە: (کارا، کارتێکراو، شوێن، ئامێر، کات، سوودمەند، هەستپێکەر، هاندەر، هۆیی، ئامانج) دووانەکەی تر (سەرچاوە و خاوەن)ن. (هادسن، ١٣٨٣: ٣١٦- ٣١٨).

### ١-٢-٣/ تیۆری دۆخ Case Theory:

ئەگەر بڕوانینە ئەو بەشانەی ڕستە، کە دۆخ وەردەگرن، یاخود خاوەن دۆخی ڕێزمانین ئەمە وا دێتە بەرچاو، کە ئەو بەشانە زۆربەی هەرە زۆری گرێی ناوین، هەندێکجاریش گرێی ئاوەڵناوین. زمانەوانان سەبارەت بە پۆلێن و جۆرەکانی دۆخ لە زماندا هاوبیر و هاوڕا نین، هەر بۆیە هەریەکێکیان بە جۆرێک دەستنیشانی پۆلێن و جۆرەکانی دۆخیان کردووە، (چۆمسکی) بە شێوەیەکی سەرەکی دوو جۆری دۆخ لەیەکتر جیادەکاتەوە، کە ئەم دوو جۆرەی دۆخ مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا بەدیبکرێن، کە ئەوانیش بریتین لە:

**ئـ/ دۆخی بنجی:** ئەو دۆخانەن، کە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا بە چەند ئارگۆمێنتێکی تایبەتی دەدرێن، کە ئەمەش لە حاڵەتی پێش ئەوەی گواستنەوە ڕووبدات ئەنجامدەدرێت، ئەم جۆرەی دۆخ دەکرێت بە دۆخی زگماکیش بناسرێت. (قادر، ٢٠٠٤: ٢٥). "دۆخی بنجی لەو زمانانەدا دەردەکەوێت کە کارەکانیان لە ڕستەدا توانای ئەوەیان هەیە دەسەڵاتی بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆدا هەبێت"(Radford, 1982: 348). دۆخی بنجی لە زمانی کوردیدا نییە، یەکێک لە باشترین نموونەکان بۆ ئەم دۆخە زمانی عەرەبییە، بۆ نموونە (قادر، ٢٠٠٩: ٧٧):

(1) مَنَحَ المدرسُ التلميذَ كتاباً .

NP2 NP1

(NP2) دۆخی بەرکاری لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وەردەگرێت، کەچی (NP1) لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر ئەو شیکردنەوەیە ببەینە ئاستی بکەرنادیار لە ڕۆنانی ژێرەوەدا:

(2) مُنِحَ التلميذُ كتاباً .

NP2 NP1 VP

(NP2) لە بنجدا دۆخی بەرکاری (Accusative Case) هەیە، کەچی (NP1) لە بنجدا (ڕۆنانی ژێرەوە) هیچ دۆخێکی نەدراوەتێ. ئەگەر وابێت ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەی (2) دەبێتە(٣):

(3) مُنِحَ التلميذَ كتاباً.

+ Objectiv NP1

ب/ دۆخی ڕۆنانی: ئەو دۆخانەن، کە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دوای ئەوەی کە گواستنەوەکە ڕوودەدات، ئەمیش بەدەردەکەوێت (Cook, 1997: 226). دۆخپێدانی ڕۆنانی بە تەواوی پشت بە دەسەڵاتەوە دەبەستێت. بە جۆرێکە دۆخدەرێک (A) دۆخ دەداتە (B) ئەگەر (A) دەسەڵاتی بەسەر (B)دا هەبێت و (A) و (B) هاوسێی یەکتر بن. دۆخی بکەری و ناڕاستەوخۆ لەم جۆرەن، وەک:

(4) من ئەو برە باژێرi . (من ئەوم بردە بازاڕ).

(5) * من باژێر ئەو بر. (* من بازاڕ ئەو بردە).

دۆخی ڕۆنانی زیاتر لە شێوەیەکی هەیە کە بریتین لە: دۆخی ڕاستەوخۆ (بکەری)، دۆخی ناڕاستەوخۆ (بەرکاری) و دۆخی خستنەسەری...هتد. نموونە بۆ دۆخی خستنەسەر، وەک:

(٦) خارنا بچیکا دێخۆم. (خواردنی منداڵان دەخۆم).

**١-٢-٤/ تیۆری دەسەڵات**

لەم تیۆرەدا دەکرێت دوو پەیوەندی بنوێنرێن، پەیوەندییەکیان ستوونییە، کە جێکەوتەیەک بەسەر جێکەوتەیەکی تردا دەڕوانێت، وەک ئەوەی لە نموونەی (٨ ب)دا، بەدیدەکرێت، کە تێیدا (IP) دەڕوانێت بەسەر (DP) و (I')، هەروەها (I') دەڕوانێت بەسەر (I) و (VP)، (VP)یش دەڕوانێت بەسەر (DP) و (V)، پەیوەندییەکەی تریشیان لە سەر بنەمای ئاسۆییە، کە پەیوەندیی نزیکایەتی و پێکەوەهاتنی نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە دەخاتەڕوو، وەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گرێی ناوی و ئامرازی بەند، لە (گرێی بەند)دا هەیە.

## زاراوەکانی پەیوەست بە دەسەڵات


**١ـوەچە ئاراستەکردن Constituent Command:** وەچە ئاراستەکردن پەیوەندی بە زاڵبوونەوە هەیە، لەم ڕوانگەوە دەسەڵات ئەم پێناسەی خوارەوە لە خۆیەوە دەگرێت: (مقدم، ١٣٨٦: ٤٤٤).

(A) وەچە ئاراستەی (B) دەکات ئەگەر:

ئـ/ (A) زاڵ نەبێت بەسەر (B) و (B)ش زاڵ نەبێت بەسەر (A) دا.

ب/ ئەو نۆدە گەورەی دوو فلیقانەیی کە بەسەر (A)دا زاڵە، دەبێت بەسەر (B)شدا زاڵ بێت.


(٧) ئـ/ بۆ وێ ماڵێ    ب/




لە نموونەی (٧ب)دا، (P) وەچە ئاراستەی (DP) کردووە، بە هەمان شێوە (DP) وەچە ئاراستەی (P)کردووە، هەردووکیشان بەسەر یەکتردا زاڵ نین، چونکە (PP)، کە بە دایک ناسراوە، بەسەر (P) و(DP) زاڵە، کە ئەوانەش بە خوشکی یەکتر ناسراون، هەروەها (D) وەچە ئاراستەی (NP) کردووە، بەهەمان شێوە (NP) وەچە ئاراستەی (D) کردووە، هەردووکیشیان بەسەر یەکتر زاڵ نین، چونکە (DP)، کە بە دایک ناسراوە، بەسەر (D) و (NP) زاڵە، کە ئەوانەش بە خوشکی یەکتر ناسراون.

**٢. زاڵبوون Domination:** چەمکی زاڵبوون لە هێلکاریی درەختیدا بەو واتایە دێت، کە چ جێکەوتەیەک لە ژێر جێکەوتەیەکی تردا جێگیردەبێت، بەمەش جێکەوتەی سەرەوە زاڵ دەبێت بەسەر جێکەوتەکانی ژێرەوەی خۆیدا. (مشکوە الدینی، ١٣٨٦: ٢٦٥- ٢٦٦). لەم نموونەیەی خوارەوەدا چەمکەکە ڕوونتر دەبێتەوە: (٨) ئـ/ وێ خۆ کوشت.

ب/




لە (٨ ب)دا، (IP) زاڵە بەسەر (DP)و (I')، (I') زاڵە بەسەر (I) و (VP)، (VP) زاڵە بەسەر (DP) و (V)، بەڵام لە هێلکارییە درەختییەکەدا دوو جۆر زاڵبوون بەدیدەکرێن، زاڵبوونی ڕاستەوخۆ وەک (IP) بەسەر (DP) و (I')دا، زاڵبوونی ناڕاستەوخۆ، وەک (IP) بەسەر (VP)دا.


**٣. حوکمکردن Government:** دەسەڵات لە ڕوانگەی حوکمکەرەوە، لەم ڕوانگەوە بۆ پێناسەی دەسەڵات پێویستیمان بە چەمکی وەچە ئاراستەکردن و زاڵبوونەوە هەیە، پێناسەکە دەکرێت بەمشێوەیە بخرێتەڕوو (Cook, 1997: 240): (A) حوکمی (B) دەکات ئەگەر و تەنها ئەگەر:

ئـ/ (A) حوكمكەرە یان سەرەیە. بۆ نموونە ( A، V، P، N، INFL .. هتد).

ب/ (A) و(B) وەچە ئاراستەی یەكتری بكەن و لەنێو یەك پڕۆژەی گەورەكراوی زۆرینەدا بن.

(٩) ئـ/ وێ كراسەكێ شینێ عەسمانی كڕی. (ئەو كراسێكی شینی ئاسمانی كڕی).

ب/




لە نموونەی (٩ ب)دا، گرێی ئاوەڵناویی فراوانكراو لە دواوە (شینێ عەسمانی= پڕۆژەی گەورەكراوی زۆرینە) وەرمانگرتووە، كە (شین=A) سەرەی گرێیەكەیە و حوكمكەرە، حوكمی (عەسمانی= B) دەكات. پڕۆژەی گەورەكراوی زۆرینەی (A)، كە (AP)ە، سەرپەرشتی (A) و (B) دەكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (A) وەچە ئاراستەی (B) دەكات و بەهەمان شێوە (B)یش وەچە ئاراستەی (A) دەكات، لە ژێر یەك پڕۆژەی گەورەكراوی زۆرینەی وەك (AP).

### ١-٢-٥/ تیۆری بەستنەوە

ئەم تیۆرە بە جۆرێکە، کە گرێ ناوییەکان لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا، لە نێو ڕستەدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها لە دابەشبوونی گرێکانی ناوی لە نێو ڕستەدا دەدوێت و بڕیار لەسەر ئەو شوێنانە دەدات، کە گرێیەک پێویستە لەگەڵ گرێیەکی تر هاوئاماژە و هاونیشانە بن. تیۆرەکە مامەڵە لەگەڵ هەموو دیاردەیەکی هاوئاماژەیی (Co-Referential) لە نێوان گرێ ناوییەکان دەکات؛ تەنانەت کاتیگۆرییە بەتاڵەکانیش دەگرێتەوە (Trask, 1993: 30). ئەم تیۆرە ئاماژە بە سێ جۆری گرێی ناوی دەکات، کە هەرسێ جۆرەکە دەبنە بنەما بۆ تیۆرەکەی (قادر، ٢٠٠٩: ١٣٦):

١. ئەنافۆرەکان، کە ئەویش دوو لقی لێدەبێتەوە:

ئ/ جێناوی خۆیی؛ لە (ش ه) وەک: خۆ. ب/ جێناوی هاوبەش؛ لە (ش ه) وەک: ئێکودi / ئێکدی[٤].

٢. جێناوە کەسییەکان؛ وەک: دەستەی یەکەم: (من ـ مە، تە. هنگۆ، وی/وێ ـ وان)، دەستەی دووەم: ( ئەز ـ ئەم، تi [٥] ـ هنگ، ئەو ـ ئەو).

٣. گرێی ناویی پڕاوپڕ/ فەرهەنگی؛ کە هەموو ناوە تایبەتییەکان دەگرێتەوە، وەک: ئازاد، بەفرین... هتد.

**هاونیشانەیی ( Co - indexing ):** هاونیشانەیی وەک زاراوەیەکی زمانەوانیی بەرهەمهێنان، لە نێو ڕستەدا بۆ ناسینەوەی فۆڕمی گرێ ناوییەکان بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانرێت کام گرێ لەگەڵ کام گرێی تردا هاوئاماژەیە، یان هاوئاماژە نییە، ئەگەر لە نێو ڕستەدا دوو گرێی ناوی ئاماژە بۆ یەک شت، یان یەک کەس بکەن، ئەوا دەبێت هەردوو گرێکە بە دوو ژمارە، یان فۆنیمی وەکویەک ئاماژە پێبکرێن، بەڵام ئەگەر هەردوو

گرێکە هیچ نیشانەیەکی ئاماژەکردن بۆ یەکتریان نەبوو. ئەوە، ئەم کات: هەردوو گرێکان خاوەنی دوو ژمارە، یان فۆنیمی جیاواز دەبن، کە دەکرێت لە خوارەوە یان لەسەرەوەی گرێیەکان دابنرێت. (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢١٥ & مەجید، ٢٠١٢: ١٨).

**١-٣/ پێناسەی گرێ**

هەندێک لە پێناسەکانی گرێ لە لایەن ڕێزماننووسە کوردەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ (تۆفیق وەهبی) لە پەرتووکی (دەستوری زمانی کوردیدا)دا دەڵێت: "گرێ کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە" (وەهبی، ١٩٢٩: ٦٢).

٢ـ (نوری عەلی ئەمین) لە پەرتووکی (ڕێزمانی کوردیدا)دا دەڵێت: "دەستەواژە بریتییە لە کۆمەڵە واژەییێکی لە یەکدی دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێت، نە فرمانێکیان لەتەکدا ئەبێ، پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ" (ئەمین، ٢٠١٣: ٤٠).

3ـ (Fattah. M. M) لە نامەی دکتۆراکەیدا بە ناوی ( generative grammar of Kurdish) دەڵێت: "گرێ لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان زیاتر پێکدێت، بە مەرجێک پەیوەندییەکی سینتاکسیی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت، وەک پێکهێنەرێکی گەیەنەر دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستە، واتە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچووکترە لە وشە گەورەترە" (Fattah., 1997: 38)

گەر لەم پێناسانە وردبینەوە دەتوانرێت چەند ڕەخنەیەکی لێبیگرێت، کە ئەمانەن:

ئـ/ مەرج نییە گرێ لە کۆمەڵە وشە پێکهاتبێت، هەشمانە لە وشەیەک پێکهاتووە. بڕوانە نموونەی(١١).

ب/ مەرج نییە گرێ واتا نەبەخشێت، چونکە گرێمان هەیە واتا بەخشن. بۆ نموونە:

(١٠) شادیە هات.

لە نموونەی (١٠)دا، ئەگەر گرێی (شادیە) لە ڕستەدا دەربهێنین، ئەوا وەک گرێ هیچ واتایەک نابەخشێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر گرێی (هات) لە ڕستەدا دەربهێنین، ئەوا وەک گرێیەک واتا دەبەخشێت، ئاماژە بۆ هاتنی کەسێکی نادیار دەکات.

پ/ ئاماژەمان بەوە کردووە سادەترین ڕستە لە زماندا دەکرێت بە دوو بەش: (گ ن) و (گ ک)، کەواتە ئەم بۆچوونەش بە هەڵە دەردەچێت، کە دەگوترێت گرێ نابێت کاری لەگەڵدا بێت.

ج/ مەرج نییە گرێ لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێت، گرێشمان هەیە لە مۆرفیمی بەند پێکهاتووە. بۆ نموونە گرێ ئەرکییەکان زۆربەیان بە شێوەی بەند خۆیان دەنوێنن( عەبوزەید،٢٠١٣: ١٨).

بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ هەموو جۆرەکانی گرێ بکەین و ئەو ڕەخنانەی کە ئاماژەمان پێداوە نەیگرێتەوە، بە بۆچوونی ئێمە بۆ ئەم مەبەستە پێناسەکەی گرێ لە لایەن (وریا عومەر ئەمین) زۆر گونجاو و لەبارە، کە دەڵێت: "هەر دانەیێکی ڕێزمانی بتوانێت دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێت (گرێ)ییێک پێکدەهێنێت" (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٩٩).

### ١-٣-١/ گرێی ئاوەڵناوی

گرێی ئاوەڵناوی بە جۆرێکی گرێی فەرهەنگی دەژمێردرێت. سەرەکەی دەبێت ئاوەڵناو، یان ئاوەڵناوئاسا بێت، وەک بەشێکی ئاخاوتن لە نێو ڕستەدا ئەرکی سەرەکیی وەسفکردنی گرێی ناوییە، پلەدارن و لە سێ پلەدا خۆیان دەبینەوە، وەک: پلەی چەسپاو، پلەی بەراورد و پلەی باڵا.

### ١-٣-٢/ تایبەتییەکانی گرێی ئاوەڵناوی:

١. سەرە لە گرێی ئاوەڵناویدا بە خورتەکییە و سەرەکەش دەبێت ئاوەڵناو بێت.

٢. گرێی ئاوەڵناوی دەتوانرێت لە ناوەوە، لە پێشەوە، لە دواوە یان لە هەردوولاوە فراوان بکرێت.

٣. گرێی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا، "وەسفی ناوێ یان جێناوێکی پێدەکرێت". (ئەمین،٢٠١٣: ٤٢) .

٤. گرێی ئاوەڵناوی دەکرێ لە وشەیەک، یان زیاتر پێکهاتبێت.

٥. گرێی ئاوەڵناوی بەشداری لە فراوانکردنی گرێی ناوی و کاریدا دەکات.

٦. گرێی ئاوەڵناوی بە ڕێژەیەکی کەم دەتوانێت دۆخ وەربگرێت.

٧. " گرێی ئاوەڵناوی هەمیشە لە نێو گرێیەکی تردایە " (سەددیق، ٢٠١٣: ٨١).

## ٢/ بەشی دووەم: ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی بە پێی لقەتیۆرییەکانی (GB)

### ٢-١/ گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری X-barدا:

گرێی ئاوەڵناوی (AP) وەکو جۆرەکانی تری گرێی فەرهەنگی دەکرێت هەمان یاسای گشتیی تیۆری (X-bar)ی بەسەردا جێبەجێبکرێت، لە گرێی ئاوەڵناویدا ئاوەڵناو (A)یێک دەبێتە سەرە، سەرەی گرێی ئاوەڵناوی بۆی هەیە ڕادە وەک (Specifier) وەربگرێت و دەچێتە پێش سەرەکە، هەروەها بۆی هەیە گرێی ناوی، یان پەیوەندی لە دواوە وەربگرێت و ببێتە (Modifier) یان تەواوکەری سەرەی گرێی ئاوەڵناوی. (قادر، ٢٠٠٩: ٦٦ & ڕەسول، ٢٠١٢: ٦٦). گرێی ئاوەڵناوی هەروەک گرێی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێت، کە بریتین لە: ١ـ گرێی ئاوەڵناویی ناوک. ٢ـ گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو.


### ٢-١-١/ گرێی ئاوەڵناویی ناوک

ئەم جۆری گرێی ئاوەڵناوییەیە[٦]، کە سەرەکەی نە لە پێشەوە، نە لە دواوە، بە هیچ مۆرفیمێک فراواننەکراوە، واتە هیچ مۆرفیمێکی لەگەڵیدا نییە. لە (ش هـ)دا یاسا و نموونەی ئەم جۆرەی گرێی ئاوەڵناوی، بەمشێوەیە: تەنها یەک ئاوەڵناوی سادە = گرێی ئاوەڵناویی ناوک.

(١١) ئـ/ خانییەکێ  مەزن بکڕە. (خانوویێکی گەورە بکڕە).

ب/ ئازاد کوڕەکێ زیرەکە.  (ئازاد کوڕێکی زیرەکە).

پ/




لە نموونەی (١١ ئـ و ب)دا، کە لە درەختی (١١ پ)دا نوێنراوە، گرێ ئاوەڵناوییە ناوکییەکان، کە لە پێشەوە بەهۆی (Spec)، هەروەها لە دواوەش بەهۆی (Comp) فراواننەکراوە. گرێی ئاوەڵناویی ناوکییەکان، یەکسانن بە سەرە و دەبنە خوشکی تەواوکەر و کچی (A').

**٢-١-٢/ گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو**

ئەم جۆرەی گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو، دەبێتە دوو جۆر، کە بریتین لە:

١. گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە ناوەوە.   ٢. گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە دەرەوە.

**٢-١-٢-١/ گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە ناوەوە**


مەبەست لە ڕۆنانی ئەم جۆرە گرێیە، فراوانکردنی سەرەی گرێی ئاوەڵناوییە بەهۆی مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا، کە دەبنە دیارخەر بۆ سەرەی گرێی ئاوەڵناوییەکە و بەهۆیەوە فراوان دەکرێت (برزو، ٢٠٢٠:

٤٣). له (ش هـ) مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا بەم شێوەی خوارەوە بەشداری لە فراوانکردنی سەرەی گرێی ئاوەڵناوی دەکەن:

ـ ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو+ مۆرفیمی پلەی بەراورد (تر)= گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە ناوەوە

(١٢) ئـ/ باشتر فکر بکەوە. (باشتر بیر بکەوە)

ب/





لە نموونەی (١٢ ب)دا، سەرەی گرێی ئاوەڵناویی ناوک بەهۆی مۆرفیمی پلەی بەراورد (تر) فراوان کراوە، کە ڕووی فراوانکردنەکە لە ناوەوەیە، چونکە ناتوانرێت لە دوای (تر)ەکە، هیچ مۆرفیمێکی تر وەربگیرێت. سەرەی گرێی ئاوەڵناویی ناوک(باش = A)، دەبێتە خوشکی مۆرفیمی پلەی بەراورد (تر=D) و کچی (A') .

مۆرفیمی پلەی باڵاش وەک پلەی بەراورد، بەشداری لە فراوانکردنی ناوەوەی گرێی ئاوەڵناوی دەکات، بەڵام لە (ش هـ) بۆ پلەی باڵا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، وەک لە خوارەوە دیارە:

ـ PP+ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد = گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە ناوەوە.

(١٣) ئـ/ ئارام ≈ خرا جانترە[٧].   (ئارام لە هەموویان جوانترە).

ب/




لە نموونەی (١٣ ب)ی (ش هـ)دا، بەدەردەکەوێت، کە (PP) لە پێشەوە و مۆرفیمی پلەی بەراورد لە دواوە، گرێی ئاوەڵناویی ناوک، لە ناوەوە فراوان دەکەن، (PP) دەبێتە خوشکی (A'2) و کچی (A'1)، سەرەی گرێی ئاوەڵناوی، دەبێتە خوشکی (D) و کچی (A'2).

## ٢-١-٢-٢/ گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە دەرەوە

مەبەست لە فراوانکردنی گرێی ئاوەڵناوی لە دەرەوە، ئەوەیە، کە سەرەی گرێیەکە لە پێشەوە یان لە دواوە، یان لە هەردوولاوە (لە پێشەوە و لە دواوە) فراواندەکرێت، هەروەک لە هەنگاوەکانی داهاتووی لێکۆڵینەوەکە دیار دەبێت:


**٢-١-٢-٢-1/  فراوانکردنی گرێی ئاوەڵناوی لە پێشەوە:**

سەرەی گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ)دا، دەکرێت بەهۆی: (ڕادە، مۆرفیمی پرس، وشەی تاکبەند...هتد) فراوانبکرێت، کە ئەم کەرستانەی ئاماژەمان پێداوە، دەبنە (Spec) و لە گرێی ئاوەڵناویدا دەکەونە پێش سەرە، یاسا و نموونە بۆ ئەم مەبەستە، وەک:

ـ ڕادە/ مۆرفیمی پرس/ وشەی تاکبەند... + (س گ ئـ) = گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە پێشەوە

(١٤) ئـ/ ئازاد گەلەکێ زانایە. (ئازاد زۆر زانایە). ب/ نارین چەندا ماندییە؟ (نارین چەند ماندووە؟)      پ/ کاوە تنێ زیرەکە. (کاوە تەنها زیرەکە)

ت/





لە نموونەی (١٤ ئـ ، ب ، پ)دا، کە لە (١٤ ت)دا دەرخراوە، سەرەی گرێ ئاوەڵناوییەکان، کە (زانا، ماندی، زیرەک)ن لە پێشەوە بەهۆی هەریەک لە ڕادەی (گەلەک)، مۆرفیمی پرسی (چەند)، وشەی

تاکبەندی (تنیٚ)ەوە فراوانکراون، کە ئەوانیش هەریەکێک بە (Spec) ناسراون. (Spec)ەکانیش، بە ڕاستەوخۆ و سەرەکانیش بە ناڕاستەخۆ لە ژێر گەورەترین جێکەوتە، کە (AP)ە کۆبوونەتەوە، واتە (AP) جێکەوتەی دەسەڵاتداری سەرەکان و (Spec)ەکانە. لە (ش هـ)دا دەتوانرێت لە پێشەوە سەرەی گرێی ئاوەڵناوی بەهۆی ڕادەوە تا ئەو سنوورەی کە ڕێزمانەکەی ڕێگە پێدەدات فراوانبکرێت، ئەمیش بە یارمەتی دووبارەکردنەوەی ڕادە.

(١٥) ئـ/ ئازاد گەلەک  گەلەکیٚ زانایە. (ئازاد زۆر زۆر زانایە)

ب/ نارین تەواو تەواوا هیلاکە.  (نارین تەواو تەواو ماندووە)

پ/




لە نموونەی (١٥پ)دا، سەرەی گرێی ئاوەڵناوی لە پێشەوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی ڕادە فراوانکراوە، ئەم ڕادانە هەموویان بەیەکەوە دەچنە ژێر (Spec) و دەبنە خوشکی (A') و کچی گەورەترین جێکەوتە لە درەختەکەدا، کە (AP)یە.


**٢-١-٢-٢-2/ فراوانکردنی گرێی ئاوەڵناوی لە دواوە:**

لە (ش هـ)دا سەرەی گرێی ئاوەڵناوی دەتوانرێت بەهۆی ئاوەڵناو یان گرێی بەند فراوانبکرێت، کە دەچێتە دوای سەرەی گرێ ئاوەڵناوییەکە، دەبێتە دیارخەری دواوەی سەرە، بڕوانە ئەو یاسا و نموونانە: سەرەی ئاوەڵناو + مۆرفیمی خستنەپاڵ + ئاوەڵناو= گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە دواوە.

(١٦) ئـ/ کراسەکێ شینێ عەسمانی بکڕە. (کراسێکی شینی ئاسمانی بکڕە).

ب/ ئەو کچا سپییا درێژ هات. (کچە سپییە درێژەکە هات).

پ/




لە نموونەی (١٦پ)دا سەرەی گرێی ئاوەڵناوی بریتین لە (شین، سپی) بە یارمەتیی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ (ێ، ا) دەرخەرەکانی (عەسمانی، درێژ)یان وەرگرتووە، لە درەختەکەدا هەمیشە سەرە دەبێتە خوشکی تەواوکەر، بەڵام لە درەختەکەدا بەهۆی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، سەرە زیاتر داکەوتووە و جێکەوتەیەکی ناوەندی وەک (A'2) کەوتووتە نێوان سەرە و (A'1)، بەڵام هەرچۆنێک بێت لە ڕۆنانی قووڵی درەختەکەدا سەرە و تەواوکەر خوشکی یەکترن و کچی جێکەوتەی (A'1)ن.

گرێی بەندیش بەشداری لە فراوانکردنی دواوەی گرێی ئاوەڵناویدا دەکات. (عەول، ٢٠٠٨: ١٤). بە پشتبەستن بەم بۆچوونە ئەم فراوانکردنە لە (ش هـ)شدا دەبینرێت، بۆ نموونە:


(١٧) من کچەکا جانتر ≈ بەفرینێ دیت. (من کچێکی جوانترم لە بەفرین بینی).

**٢-١-٢-٢-3/ فراوانکردنی گرێی ئاوەڵناوی لە هەردوولاوە (لە پێش و لە دواوە):**

لە (ش هـ)دا دەتوانرێت، سەرەی گرێی ئاوەڵناوی لە یەک کاتدا لە هەردوو لاوەوە فراوانبکرێت، ئەم فراوانکردنە لە (ش هـ)دا زۆر سنووردارە، سەرەنج بدە ئەم یاسا و نموونەی خوارەوە: ڕادە + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد + (PP)= گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراو لە هەردوو لاوە.

(١٨) ئـ/ کچەکا <u>گەلەک جانتر ≈ تە</u> هات (کچێکی زۆر جوانتر لە تۆ هات).

ب/



سەرەی گرێی ئاوەڵناوی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر (AP) و بۆتە خوشکی (A'1)، سەرەی گرێی ئاوەڵناوییەکەش هەم لە ناوەوە بەهۆی (D) و هەمیش لە دواوە بەهۆی (PP) فراوانکراوە، کە گرێی ئاوەڵناویی (جانتر) لەگەڵ (PP) بوونەتە خوشکی یەکتر و کچی (A'1).

لە (ش هـ)دا، دەتوانرێت چەندین گرێی ئاوەڵناوی هەروەک گرێی ناوی، بەهۆی مۆرفیمی بەستنەوەی (و)، بخرێنە پاڵیەکتر، کە هەموویان وەکو یەکتر بەهایان پێدەدرێن، بەم هەنگاوەش گرێی ئاوەڵناویی لێکدراو دێتە کایەوە، بۆ نموونە:

(١٩) ئـ/ من زەلامەکێ بلّند و جان و سپی...دیت. (من پیاوێکی بەرز و جوان و سپیم... بینی).

ب/ کاوە گەلەکێ زیرەک و جانە. (کاوە زۆر زیرەک و جوانە).

## ٢-2/ گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری سێتادا:

لە ڕستەدا بە زۆری ئارگۆمێنتی گرێی ناوی، هەندێکجاریش پاڕستە دەبنە ئارگۆمێنت و ڕۆڵی واتایی لە (پریدیکات/کار/ بەشی کاری/ گرێی کاری) وەردەگرن (محەمەد، ٢٠09: ١٠٤). ئەمەش بەو واتایە دێت گرێی ئاوەڵناوی ناتوانێت ببێتە ئارگۆمێنت و هیچ ڕۆڵێکی واتایی لە پریدیکاتەکان وەرناگرێت. ئەو ڕۆڵەی کە گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری سێتا دەیگێڕن، تەنها لەو کاتانە دەبێت، کە گرێی ناوی ئارگۆمێنت کاتێک ڕۆڵی واتایی لە پریدیکاتەکان وەردەگرن، ئەوانیش دەتوانن ببنە دیارخەری گرێی ناوی و وەسفی گرێی ناوی پێبکرێت، کە ئەمەش ئەنجامێکی گرنگی گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری سێتا بەدەستەوە نادات. لە (ش هـ)دا چەند نموونەیەکی ڕۆڵی گرێی ئاوەڵناوی لە وەسفکرنی گرێی ناویدا

وەردەگرین، کە کاتێک گرێی ناوی دەبنە ئارگۆمێنت و ڕۆڵی واتایی لە پریدیکاتەکان وەردەگرن:

**١. کارا Agent**

(٢٠) پێشمەرگێن چەلەنگ هاتن. (پێشمەرگە چالاکەکان هاتن).

لە نموونەی (٢٠)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناوی (پێشمەرگێن)، کە ڕۆڵی کارای بینیوە، بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (چەلەنگ) وەسفکراوە، بەم هۆیەوە زیاتر بەدیارخراوە، ئاوەڵناوەکە بۆتە دیارخەری (پێشمەرگێن).

**٢. کارتێکراو/ Patient**

(٢١) نەسرینێ چێلا ڕەش دۆشی. (نەسرین مانگای ڕەشی دۆشی).

لە نموونەی (٢١)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناوی (چێل)، کە ڕۆڵی کارتێکراوی لە پریدیکاتەکە وەرگرتووە، بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا) و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (ڕەش) وەسفکراوە. لە نێو ڕستەدا گرێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی کارتێکراو)ەکە.

**٣. شوێن Locative**

(٢٢) ئەز دێ بۆ دهۆکا ڕەنگین چم. ( من بۆ دهۆکی ڕەنگین دەچم).

لە نموونەی (٢٢)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناویی (دهۆک)، کە ڕۆڵی شوێن لە پریدیکاتی (دێچم)ی وەرگرتووە، بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا) و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (ڕەنگین) وەسفکراوە. لە نێو ڕستەدا گرێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری گرێی ناویی (دهۆک).

**٤. ئامێر Instrument**

(٢٣) ئاری دەرک پێ کلیلکەکا کچکە کرەوە. (ئاری دەرگاکەی بە کلیلێکی بچووک کردەوە).

لە نموونەی (٢٣)دا، ئارگۆمێنتی گرێی ناویی (کلیل)، ڕۆڵی ئامێر لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە یارمەتیی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا) و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (کچکە) وەسفکراوە. لە نێو ڕستەدا گرێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی ئامێرە)کە.

**٥. کات Temporal**

(٢٤) سپێدەکا فێنک دێ چینە سەفرێ. (بەیانییەکی فێنک دەچینە سەیران).

لە نموونەی (٢٤)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناوی (سپێدە)، ڕۆڵی کاتی لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا) و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (فێنک) وەسفکراوە، لە نێو ڕستەدا گرێیە ئاوەڵناوەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی کات)ەکە.

**٦. سوودمەند Benefactive**

(٢٥)خێرخازا خانییەک بۆمنێ فەقیر چێکر. (خێرخوازەکان خانووێکیان بۆمنی هەژار دروستکرد).

لە نموونەی (٢٥)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناویی (من)، کە ڕۆڵی سوودمەندی لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە یارمەتیی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ)ی ڕەگەزی نێر و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (فەقیر)

وەسفکراوە، لە نێو ڕستەدا گریێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی سوودمەند)ەکە.

### ٧. هاندەر Supporter

(٢٦) ئەگەر هنگ دەربچن، سامانێ زەنگین دێ هنگۆ خەلات کەت. (ئەگەر ئێوە دەربچن، سامانی دەوڵەمەند ئێوە خەڵات دەکات).

لە نموونەی (٢٦)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناویی (سامان)، کە ڕۆڵی هاندەری لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە ی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ)ی ڕەگەزی نێر و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (زەنگین) وەسفکراوە، لەنێو ڕستەدا گریێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی هاندەر/ سامان)ەکە.

### ٨. ئامانج Goal

(٢٧) سیپەل ببیە مامۆستایەکا زیرەک. (سیپەل بووە مامۆستاییێکی زیرەک).

لە نموونەی (٢٧)دا، گرێی ناوی(مامۆستا)، کە ڕۆڵی ئامانجی لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە یارمەتیی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ا)ی ڕەگەزی مێ، بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (زیرەک) وەسفکراوە. لە ڕستەکەدا گریێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (مامۆستا).

### ٩. سەرچاوە Source

(٢٨) ئازاد پیا دیانا قەدیم بۆ ڕاندزێ[٨] چوو.(ئازاد بە پێیان لە دیانای کۆن بۆ ڕواندز چوو).

لە نموونەی (٢٨)دا ئارگۆمێنتی گرێی ناویی (دیانا)، کە ڕۆڵی سەرچاوەی لە پریدیکاتەکەی وەرگرتووە، بە یارمەتیی مۆرفیمی

خستنەپاڵی (ا)، کە بەدیارنەکەوتووە و بەهۆی گرێی ئاوەڵناویی (قەدیم) وەسفکراوە. لە نێو ڕستەدا گرێ ئاوەڵناوییەکە بۆتە دیارخەری (ڕۆڵی سەرچاوە/ دیانا)ەکە.

### ٢-3/ گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری دۆخدا:

زۆربەی هەرە زۆری ڕێزماننووسان لەو بڕوایەدان، کە تیۆری دۆخ تایبەتە بە گرێی ناوی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش، لە پێناسەی هەندێک لە ڕێزماننووساندا ئەم ڕاستییە بەدیاردەکەوێت، کە هەریەکێکیان لە پێناسەکانیاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان دۆخ دەخەنە پاڵ گرێی ناوی (محەمەد، ٢٠١٥: ٦-٩). سەرەڕای ئەم بۆچوونەی سەرەوە، بۆچوونیش هەیە، کە پێیوایە زاراوەی دۆخ هەندێکجار بۆی هەیە ئاماژە بە فۆڕمە جیاوازەکانی گرێی ئاوەڵناویش بکات (محەمەد، ٢٠٠٩: ١٨٧). لە (ش هـ)دا، گرێی ئاوەڵناوی، لەدوای لابردنی دیارخراوەکانی، دەکرێت ڕۆڵی دیارخراوەکان وەربگرن و نیشانەی دۆخ بۆیان بگوازرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە لە بنچنەدا گرێی ناوی، کە ڕۆڵی دیارخراوی دەبینێت، نیشانەی دۆخی وەرگرتووە، بەڵام دوای لابردنی گرێ ناوییەکە، نیشانەکە بۆ گرێی ئاوەڵناویی دیارخەریی دەگوازرێتەوە، بۆ نموونە:

(٢٩) ئەز دەستکورتi ناسم. (من دەستکورتی دەناسم).

واتە، ئەز کابرایێ دەستکورت ناسم. (من کابرای دەستکورت دەناسم). (کابرا) دیارخراو بووە، لابراوە، دیارخەر، کە (دەستکورت)ە، ڕۆڵی دیارخراوی بینیوە و نیشانەی دۆخی وەرگرتووە. واتە لە بنچینەدا گرێ ناوییەکە نیشانەی دۆخی وەرگرتووە، بەڵام دوای لابردنی دیارخراو، نیشانەکە بۆ دیارخەر گوازراوەتەوە.

(٣٠) ئەم جەرگسوتیێ ناناسین. (ئێمە جەرگسووتاو ناناسین).

واتە، ئەم ژنا جەرگسوتی ناناسین. (ئێمە ژنی جەرگسووتاو ناناسین). (ژن) دیارخراو بووە، لابراوە، دیارخەر، کە (جەرگسوتیێ)یە، ڕۆڵی دیارخراوی بینیوە و نیشانەی دۆخی وەرگرتووە. واتە لە بنچینەدا گرێ ناوییەکە نیشانەی دۆخی وەرگرتووە، بەڵام دوای لابردنی دیارخراو، نیشانەکە بۆ دیارخەر گوازراوەتەوە.

**٢-٤/ گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری دەسەڵاتدا:**


لە نێو گرێی ئاوەڵناویدا، بەشی خاوەن دەسەڵات و ژێر دەسەڵات هەیە، جا بە هۆی ئەم دوو بەشەوە، دەکرێت چەند زاراوەیەکی پەیوەست بەم تیۆرە بخەینەڕوو، کە بە ئاشکرایی جێگەی لە نێو گرێی ئاوەڵناویدا دەکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوەدا زاراوەکانی پەیوەست بەم تیۆرە و نموونەی گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ)دا دەخەینەڕوو:

**٢-٤-١/ گرێی ئاوەڵناوی و وەچە ئاراستەکردن Constituent Command**

لە (ش هـ)دا بۆ ئەوەی نموونەکانی گرێی ئاوەڵناوی لە ڕوانگەی وەچە ئاراستەکردنەوە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت، ئەوە پێویستیمان بە پێناسەی دەسەڵات لە ڕوانگەی وەچە ئاراستەکردنەوە[٩] هەیە. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

(٣١) ئـ/ باشتر خۆ بناسە.      (باشتر خۆت بناسە)

ب/





لە نموونەی (٣١ ب)دا، ئەگەر (باش= A ،تر=B)[١٠]، ئەوە پێناسەی دەسەڵات لە ڕوانگەی وەچە ئاراستەکردنەوە لە سەر گرێی ئاوەڵناویی فراوانکراوی لە ناوەوە جێبەجێکراوە، چونکە (باش= A) وەچە ئاراستەی (تر=B)ی کردووە، هەروەها (باش= A) زاڵ نییە بەسەر (تر=B)، بەهەمان شێوە (تر=B)ش زاڵ نییە بەسەر (باش= A)ەوە، لە لایەکی ترەوە ئەو نۆدە گەورەی دوو فلیقانەیی کە بەسەر (باش= A)دا زاڵە، کە بریتییە لە ('A)، زاڵیشە بەسەر (تر=B)دا.

## ٢-٤-٢/ گرێی ئاوەڵناوی و زاڵبوون Domination

زاڵبوون وەک زاراوەیەکی تیۆری دەسەڵات، زۆر بەدیدەکرێت، لە (ش هـ)شدا، کاتێک هەر جۆرێکی گرێی ئاوەڵناوی، بە هێلکاریی درەختی شیدەکرێتەوە، ئەوا ئەم زاراوەیەی تیۆری دەسەڵات، بە ئاشکرا تێیدا بەدیدەکرێت. بۆ نموونە:

(٣٢) ئـ/ شارا کچەکا جانە. (شارا کچێکی جوانە)

ب/





لە نموونەی (٣٢ ب)دا، لە گرێی ئاوەڵناوی ناوکی (جان)دا، تەنها دوو زاڵبوون تێیدا بەدیدەکرێن، کە یەکێکیان زاڵبوونی ڕاستەوخۆیە، وەک ئەوەی لە نێوان (AP) و (A') بەدیدەکرێت، کە هیچ جێکەوتەیەک نەکەوتووتە نێوانیان. زاڵبوونەکەی تریش زاڵبوونی ناڕاستەوخۆیە، وەک ئەوەی لە نێوان (AP) و (A)دا بەدیدەکرێت، کە هۆکاری ناڕاستەوخۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (A') کەوتووتە نێوان (AP) و (A).

## ٢-٤-٣/ گرێی ئاوەڵناوی و حوکمکردن Government

هەر جۆرێکی گرێی ئاوەڵناوی وەربگرین، (سەرەیەک/ حوکمکەرێک)ی تێدا بەدیدەکرێت، کە ئەم (سەرە/ حوکمکەرە)، پێناسەیەکی تایبەت و جیاواز بە تیۆری دەسەڵات دەدات. لە خوارەوە نموونەکانی گرێی ئاوەڵناوی لە (ش هـ) بە پێی پێناسەی دەسەڵات لە ڕوانگەی حوکمکردنەوە[١١]، شیدەکەینەوە:

(٣٣) ئـ/ من بلۆزەكێ <u>شینێ وەكرى</u> كڕی.     (من بلۆزێكی شینی كراوەم كڕی).

ب/




لە نموونەی (٣٣ ب)دا، لە گرێییێكی ئاوەڵناویی فراوانكراو لە دواوەی (شینێ وەكرى= پرۆژەی گەورەكراوی زۆرینەیە)، كە (شین=A) سەرەی گرێیەكە و حوكمكەرە، حوكمی (وەكرى= B) دەكات. پرۆژەی گەورەكراوی زۆرینەی (A) كە (AP)ە، سەرپەرشتی (A) و (B) دەكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (A) وەچە ئاراستەی (B) دەكات و بە هەمان شێوە (B)یش وەچە ئاراستەی (A) دەكات، لە ژێر یەک پرۆژەی گەورەكراوی زۆرینەی[١٢] وەک (AP).

**٢-٥/ گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری بەستنەوەدا:**

تیۆری بەستنەوە خۆی تەنها بە گرێی ناوییەوە خەریک دەكات جۆرەكانی تری گرێی فەرهەنگی بەلاوە دەنێت، جا گرێی ئاوەڵناویش وەک جۆرێكی گرێی فەرهەنگی لە تیۆری بەستنەوەدا هیچ ڕۆڵێكی وا نابینێت، كە جێگەی مشتومڕ بێت. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری بەستنەوەدا، هەروەک گرێی ئاوەڵناوی لە تیۆری سێتادا، تەنها دەتوانن لە خزمەتی گرێی ناویدا بن، وەسفی گرێی ناوی پێ بكرێت و بىن

به دیارخەریان. تیۆری بەستنەوە ئاماژە بە سێ جۆری گرێی ناوی١٣ دەکات.

(٣٤) خودێ ئەو بخۆ شێرە. (بەخودا ئەو بە خۆی شێرە).

j j

لە نموونەی (٣٤)دا، بەستنەوە ڕوویداوە، چونکە گرێی ناویی (خۆ)، هاوئاماژەیە لەگەڵ گرێی ناوی (ئەو)، بەهۆی هەبوونی دیاردەی هاوئاماژەیی لە نێوانیادا، هەردوو گرێیەکە دوو هێمای هاونیشانەییان وەرگرتووە. ئاوەڵناوئاسای (شێر)، کە ڕۆڵی گرێی ئاوەڵناوی گێڕاوە، چووەتە دوای گرێی ناوی و وەسفی گرێی ناویی (خۆ)ی کردووە، کە بە ئەنافۆڕی جێناوی خۆیی ناسراوە، بەمەش بووەتە دیارخەری گرێ ناوییەکە.

(٣٥) من و کاوە ئێکودi پێ جانە. (من و کاوە یەکترمان پێ جوانە).

j j

لە نموونەی (٣٥)دا، بەستنەوە ڕوویداوە، چونکە گرێی ناویی (ئێکودi)، هاوئاماژەیە لەگەڵ گرێی ناویی (من و کاوە)، بەهۆی هەبوونی دیاردەی هاوئاماژەیی لە نێوانیاندا، هەردوو گرێیەکە دوو هێمای هاونیشانەییان وەرگرتووە. گرێی ئاوەڵناویی (جان)، وەسفی گرێی ناویی (ئێکودi)ی کردووە، کە بە ئەنافۆڕی جێناوی هاوبەش ناسراوە، بەمەش بۆتە دیارخەری گرێ ناوییەکە.

(٣٦) ئەوێن زیرەک دێ چن. ( ئەوانەی زیرەک دەچن).

لە نموونەی (٣٦)دا، بەستنەوە ڕووینەداوە، چونکە گرێی ناویی (ئەو)، لەگەڵ هیچ گرێیەکی ناوی لەنێو ڕستەکەدا هاوئاماژەنییە، هەر بەم

هۆیەشەوە هێمایەکانی هاونیشانەیی پێنادرێت. گرێی ئاوەڵناویی (زیرەک)، بە یارمەتیی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێن) چووەتە دوای گرێی ناوی و وەسفی گرێی ناویی (ئەو)ی کردووە، کە بە جێناوی کەسی ناسراوە، بەمەش بۆتە دیارخەری گرێ ناوییەکە.

(٣٧) ئاراسیٚ سەربڵند برایێ منه. (ئاراسی سەربەرز برامە).

لە نموونەی (٣٧)دا، بەستنەوە ڕووینەداوە، چونکە گرێی ناویی (ئاراس)، لەگەڵ هیچ گرێیەکی ناوی لە نێو ڕستەکەدا هاوئاماژەنییە، هەر بەم هۆیەشەوە هێمایەکانی هاونیشانەیی پێنادرێت. گرێی ئاوەڵناویی (سەربڵند)، بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەپاڵی (ێ)، چووەتە دوای گرێی ناوی و وەسفی گرێی ناویی (ئاراس)ی کردووە، کە بە گرێی ناویی پڕاوپڕ/ فەرهەنگی ناسراوە، بەمەش بووەتە دیارخەری گرێ ناوییەکە.

## ئەنجام

١. گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، بۆی هەیە لە تەنها وشەیەک یان زیاتر لە وشەیەک پێکهاتبێت. ئەگەر لە وشەیەک پێکهاتبێت، ئەوا وشەکە ئاوەڵناوێکە و دەبێتە سەرە، ئەگەر لە وشەیەک زیاتریش پێکهاتبێت، ئەوا یەکێک لە وشەکان دەبێت سەرە بێت، سەرەکەش دەبێت ئاوەڵناو بێت، وشەکانی تریش، دەبنە دیارخەری پێشەوە یان دواوە، کە ئەوانیش بریتین لە: (ڕادە، مۆرفیمی پرس، وشەی تاکبەند، گرێی بەند... هتد).

٢. سەرەی گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، دەکرێت لە ناوەوە، یان لە پێشەوە یان لە دواوە یان لە هەردووولاوە (لە پێشەوە و لە دواوە) فراوانبکرێت.

٣. گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، ناتوانن ڕۆڵی واتایی لە پریدیکاتەکانی نێو ڕستەدا وەربگرن. تەنها دەتوانێت لە خزمەتی گرێی ناویدا بێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە گرێی ناوی ڕۆڵی واتایی لە پریدیکاتەکانەوە وەربگرێت.

٤. گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، لە کاتیگۆرییە دۆخدەرەکان نین، سەبارەت بە وەرگرتنی دۆخیش، لە نێو هەموو جۆرەکانی دۆخدا، تەنها دەتوانن لە دۆخی بانگکردندا دەربکەون.

٥. لە نێو گرێی ئاوەڵناویی شێوەزاری هەرکیدا، سەرە دەسەڵاتدارترین بەشی گرێیەکەیە، کە لە نێو گرێی ئاوەڵناوییدا، دەبێتە بەشی حوکمکەر، سەرە دەتوانین زاڵبێت بەسەر هەر دیارخەرێکی لەگەڵدا بێت، هەروەها دەتوانێت وەچەئاراستەی دیارخەرەکانی بکات.

٦ـ گرێی ئاوەڵناوی لە شێوەزاری هەرکیدا، ناتوانن بەهۆی ئەو گرێ ناوییانەی، کە دەبنە بنەمای تیۆری بەستنەوە ببەسترێنەوە. لە لایەکی تردا ناتوانن ببنە پێشینە، یان ببنە بۆگەڕاوە بۆیان، واتە هیچ ڕۆڵێکی وا لە تیۆری بەستنەوەدا ناگێڕن، تەنها لە وەسفکردنی گرێی ناوی لە نێو بنەماکانی تیۆری بەستنەوەدا دەسووڕێنەوە.

**پەراوێزەکان**

١ـ جگە لە ژمارە و prime، هێلیش(-) بۆ X دادەنرێت، زمانەوانەکان لە نێو خۆیاندا لە سەر ژمارەی بارەکان ڕێکنکەوتوون، لە لێکۆڵینەوە کۆنەکان تاکو ٣بارێش بەکارهاتوون بەڵام ئەوەی ئێستا زۆر باوە بارِی ١و ٢ و سفر بەکاردێت، لە نێو ئەو جۆراوجۆرییەی هێماکانی ئاماژەکردن بە بار، ئێمە ئەم شێوازە بەکاردێنین X, X', X".

٢ـ هێلکارییەکە وەرگیراوە لە:

Black, Cheryl A. (1998), A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, 5.

٣- بۆ ناونانی تیۆری سێتا، بڕوانە؛ ئـ ـ حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٨٠؛ ب ـ محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠09)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٩٢.

٤- له (ش هـ) هەردوو فۆرم بەکاردێن، فۆرمی (ئێکودا) بە فۆنیمی بزوێنی کورتی (i) کۆتایی دێت.

٥- ئەمەی لە دوای جێناوی کەسی سەربەخۆی (تi) دەبینرێت فۆنیمی بزوێنی کورتە، کە لەم لێکۆڵینەوەدا دووبارەدەکەوێتە بەرچاو، چونکە ئەمە سیفاتێکی تایبەتی (ش هـ) یە.

٦- بۆ ئەم جۆرەی ڕۆنانی گرێی ئاوەڵناوی، (گرێی ئاوەڵناوی سادە)ش بەکاردێت.

٧- مۆرفیمی بەندی (ل) بە شێوەی فۆنەتیکی لە (ش هـ)دا بەدیارنەکەوتووە.

٨- ئاخێوەرانی (ش هـ) لە جیاتی (ڕواندز) زاراوەی (ڕاندز) بەکاردێنن.

٩- بۆ پێناسەکە بڕوانە: بەشی یەکەم، تیۆری دەسەڵات، بابەتی وەچە ئاراستەکردن.

١٠- مەبەست لە (B, A)ەکان ئەو هێمایانەن، کە لە نێو پێناسەی زاراوەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتەوە هاتوون.

١١- بۆ پێناسەکە بڕوانە: بەشی یەکەم، تیۆری دەسەڵات، بابەتی حوکمکردن.

١٢- پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینەی (شین=A) و وەکری= B) بریتی نییە لە (A'1)، بەڵکو بریتییە لە (AP)، چونکە پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە لە گرێدا، پێویستە گرێیەکە خاوەن جووت بار یان هێمای(")، یان فۆنیمی (P) لەگەڵ بێت بۆ نموونە: ( A⁼،V⁼ .N"، P" . CP،DP ...هتد).

١٣- بۆ جۆرەکانی گرێی ناوی لە تیۆری بەستنەوەدا، بڕوانە: بەشی یەکەم، بابەتی تیۆری بەستنەوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**ئـ/ بە زمانی کوردی:**


١- ئەبوبەکر، عەبدولڕەحمان مەلا حەبیب (٢٠٠١)، عەشیرەتی بارزان لە نێوان ١٩٣١-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢- ئەمین، نوری عەلی (٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و لە چاپدانەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٣- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- برزو، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لەزمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل، تاران.

٥- حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦- خۆرشید، فوئاد حەمە (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

٧- ڕەسول، خەسرۆ ئەحمەد (٢٠١٢)، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا، نامەی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، کولێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

٨- ڕواندزی، ئەقیلە (٢٠١٠)، ڕەوەند و کۆچەرەکان بەگشتی ئەرتۆشییەکان بە تایبەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩- سەددیق، شێرزاد سەعید (٢٠١٣)، ڕستەی بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

١٠- عەبوزەید، سانیا جەبار (٢٠١٣)، جهگۆڕینا کەرستان د ڕستێدا- گۆڤەرا بەهدینی، نامەی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

١١- عەول، محەمەد عومەر (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووودا، نامەی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٢- قادر، تارا موحسین (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرستەکانی دیالێکتی خواروو)، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٣- قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٤- کەریم، دیار عەلی کەماڵ (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٥- مەجید، میدیا جەلال (٢٠١٢)، سینتاکس و سیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٦- محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانە خانی، دهۆک.

١٧- محەمەد، فەیسەڵ غازی (٢٠١٥)، دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

١٨- وەهبی، تۆفیق (١٩٢٩)، دەستوری زمانی کوردی، چاپخانەی (دار الطبعة الحديثة)، بەغدا.

**وانەی ماستەر:**

١٩- کانەبی، دلێر سادق (٢٠٢٠- ٢٠٢١)، وانەی ڕستەسازی-ماستەر، کۆرسی دووەم، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

٢٠- بوول، جيفرى (٢٠٠٩)، النظرية النحوية، ترجمة: مرتضى جواد باقر، بدعم من مؤسسة محمد بن راشد ال مكتوم، مركز دراسات الواحدة العربية، بيروت.

**پ/ بە زمانی فارسی:**

٢١- مقدم، محمد دبير (١٣٨٦)،زبانشناسى نظرى (پيدايش وتكوين دستورزايشى)، انتشارت وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامى، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها(سمت)، چاپ دوم، تهران.

٢٢-مشكوه الدينى، مهدى(١٣٨٦)،سير زبانشناسى،انتشارات دانشگاه فردوسى،چاپ چهارم، مشهد.

٢٣- هادسن، گرور (١٣٨٣)، مباحث ضرورى و بنيادين زبانشناسى مقدمات (ضروريات زبانشناسى مقدماتى)، ترجمه على بهرامى، رهنما، تهران.

ت/ به زمانى ئينگليزى:

24- Black, Cheryl A. (1998), A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax

25- Carnie, Andrew (2002), Syntax A Generative Introduction, Blackwell publishing.

26- Cook, V. J. , Newson, Mark (1997), Chomsky's Universal Grammar- an Introduction, 2nd Edition Oxford, Black well.

27- Crystal, David (2003), A Dictionary and parameters and Phonetics, fifth edition, Blackwell, Oxford.

28- Fattah, M. M(1997), Agenerative grammar of Kurdish, university of Amsterdam.

29- Radford, Andrew (1982), Transformational Syntax (New York, Cambridge University Press.

30- Trask, R. L. (1993), A dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London, Routledge.

## ملخص

في هذه الدراسة، تمت دراسة بناء العبارة صفة في اللهجة المحلية الهركية وفقا لنظرية العامل والربط، واستندت الدراسة على خطابات المتحدثين اللهجة المحلية الهركية (هركي أصلي)، والتي هي اللهجة محلية المحادثة لقرى: (ستوني، دري، كي، شيوهركي، أردويل، بيداو، ناوجل). واعتمدت على المنهج الوصفي، لأن العبارات المستخدمة من قبل محدثي اللهجة محلية هي محددة ومصنفة.

تكمن أهمية هذه الدراسة أنها تصبح أساسا لأي دارس يريد معرفة المزيد حول بناء عقدة تمييز، أو كتاية المزيد عن هذا الموضوع و ستكون هذه الدراسة الأرضية الممهدة للدارسين الجدد، لمعرفة نوع تغيير الجملة ضوء مجمع اللهجات.

تنقسم الدراسة إلى فصلين؛ جاء الفصل الأول بعنوان: (نظرة في اللهجة المحلية للهركية والجانب التنظيري للدراسة)، حيث تم تحديد اللهجة المحلية ونظرية العامل والربط.

أما الفصل الثاني؛ يأتي تحت عنوان: (بناء العبارة صفة حسب فروع نظريات العوامل والربط النحوي ، حيث يتم تقديم بناء العبارة كصفة في اللهجة المحلية حسب فروع العامل و ربط النظريات النحوية.



**الكلمات المفتاحية**: شبه، صفة، بناء العبارة الرئيسية، اللهجة المحلية القديمة، نظرية العوامل والربط، فروع العوامل ونظريات الترابط النحوية.

Abstract

In this study, The Sructure Adjective Phrase in Harki's Accent were investigated in accordance with government and binding Theory (GB). The study was based on the speeches of the speakers of the Harki Accent (Harki Original), whose daily statements were taken from the speakers of the (Stune, Dre, Ki, Shivharke, Ardwell, Bedaw, Nawchala) villages. The research method is described because the phrases used by the current accent speakers are selected and classified. The study consists of two parts: The first part, entitled: (A view of Harki’s accent and the theory aspect of the study), in which the accent and (GB) Theory are identified. The second part, entitled: (Sructure Adjective Phrase is based on branches of (GB) Theory), in which the accent Phrase of the Accent is mentioned according to branches of (GB) Theory.

Keywords: Phrase, Sructure Phrase Adjective, head, Harki's Accent, (GB) Theory, branches of (GB) Theory.